دەستگیرا بەسەر چواردە کیلۆگرام ماددەی هەشبەر لە سلەمانی



ئەمە دووشەممە 26ـی ئابی 2024، بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هەشبەرەکانی دەزگای ئاسایش، بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلەمانی لە ڕاگەیندراوەکدا ڕایانگەیاند، "کاتژمێر 9ـی بەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی سەرچناری شاری سلەمانی، پاش ڕووبەڕووبوونەوە توانیان دوو بازرگانی ماددەی هەشبەر بەبرینداری دەستگیربکەن و دەستبگرن بەسەر بڕی زیاتر لە 14 کیلۆگرام ماددەی هەشبەر لە جۆری کریستاڵ".

ڕاشگەیندراوە، لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەکدا، کارمەندێکی دەزگای ئاسایش برینداردەبێت.

ئەوەشخراوەتەڕوو، لەئێستادا تەمەتباران بەماددەی 25 لەیاسای بڕەنگاربوونەوەی ماددە هەشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقڵیەکان ڕاگیراون و لەکەینەوە لەدەسپێکیان بەردەوامە.